له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# هەندێك لەو هەڵانەی كە ڕۆژوەوانان تێی دەكەون

وەرگێڕانی/ زریان سەرچناری

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەلایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبي الهدى والرحمة، أفضل من صام وقام وذكر الله تعالى، صلى الله عليه وعلى آله وصحابته، ومن تبعهم لإحسان إلى يوم الدين.

وبعد:

ئەمە چەند هەڵەیەكە هەندێك لە ڕۆژووەوانان تێی دەكەون لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا داواكارم لە خوای گەورە بیكات بە مایەی سود و قازانج بۆ خوێنەرانی و نوسەرەكەی و هەركەسێك بەشداری دەكات لە چاپكردن و بلاوكردنەوەیدا.

١- لەو هەڵانە: پێشوازی كردنی هەندێك كەس لە مانگی ڕەمەزان بە زیادەڕەوی كردن لە كڕینی خواردن و خواردنەوە بە شێوەیەكی فراوان، لە بری ئەوەی خۆیان ئامادە بكەن بۆ گوێڕایەڵی خواو خۆگرتنەوە لە ئەبلەخەرجی و هاوكاری كردنی هەژاران و نەداراندا.

٢- لەو هەڵانە: زوهەستان بۆ پارشێو كە هەنێك لە ڕۆژووەوانان پێی هەڵدەسن، ئەم كارەش دەبێتە هۆی لەدەست دانی ئەجرو پاداشتێكی زۆر، چونكە سوننەتی پێغەمبەرمان(ﷺ) وایە كە پارشێوكردن درەنگ بخرێت جا درەنگ پارشێوكردن دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی ئەو پاداشتانەی كە لە شوێنكەوتنی پێغەمبەرماندا(ﷺ) بەست دێت.

٣- لەو هەڵانە: هەندێك لە ڕۆژووەوانان بیریان دەچێت كە نێتی بەڕۆژوبون بێنن چونكە لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزاندا پێویستە كە نێتی بەڕۆژوبون بهێنرێت. لەبەر ئەوەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ) لەو بارەیەوە هاتووە كە دەفەرموێت(مَنْ لَمْ يُبَيِّتِ الصِّيَامَ مِنَ اللَّيْلِ فَلاَ صِيَامَ لَهُ) (" صحيح" رواه النسائي).

واتە: هەركەس لە شەودا نیەتی ڕۆژوەكەی نەهێنێت ئەوە پاداشتی ڕۆژوی بۆ نییە.

هەروەها پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرمویەتی: (مَنْ لَمْ يُبَيِّتِ الصِّيَامَ قَبْلَ طُلُوعِ الْفَجْرِ فَلاَ صِيَامَ لَهُ).( صحيح رواه الدارقطني والبيهقي).

واتە: هەركەس نیەتی ڕۆژو نەهێنێت لە پێش گزنگ ئەوا پاداشتی ڕۆژوی بۆ نییە.

یان بەپێچەوانەوەی ئەوەوە هەندێك كەس هەن كە بە زمان نێت دەڵێن كەئەمەش هەڵەیە چونكە نێت هێنان پێویستە تەنها لەناودڵدا بێت و بەس. (شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله) فەرمویەتی: (التَّكَلُّمُ بِالنِّيَّةِ لَيْسَ وَاجِبًا بِإِجْمَاعِ الْمُسْلِمِينَ , فَعَامَّةُ الْمُسْلِمِينَ إنَّمَا يَصُومُونَ بِالنِّيَّةِ , وَصَوْمُهُمْ صَحِيحٌ بِلَا نِزَاعٍ بَيْنَ الْعُلَمَاءِ وَاَللَّهُ أَعْلَمُ)( الفتاوى: ج٢٥- ص:٢٧٥).

واتە: گوتنی نیەت بەزمان پێویست نییە بە كۆڕای موسوڵمانان چونكە سەرجەم موسوڵمانان تەنها بەنیەتی ناودڵ ڕۆژو دەگرن و ڕۆژووە كەشیان تەواوە بەبێ ململانێ لە نێوان زانایاندا، خواش زاناترینە.

٤- لەو هەڵانە: خواردنەوەی ئاو بەئارەزو كاتێك بانگی بەیانی دەفەرموێت، كە ڕۆژووەوان بەم كارەی ڕۆژووەكەی بەتاڵ دەكاتەوە بەتایبەتی ئەگەر بانگبێژ وردبێت لە زانینی كاتی بانگەكاندا، (بەڵام ئەگەر ئاوەكەی برد بۆ دەمی و لەو كاتەدا بانگی فەرمو با ئاوەكە دانەنێتەوە تاكو ئاوەكەی دەخواتەوە، ئەمەیان فەرمودەی صەحیحی لەسەر هاتووە).

(الشيخ ابن عثيمين رحمه الله) **فەرمویەتی:** (الأذان لصلاة الفجر إما أن يكون بعد طلوع الفجر أو قبله، فإن كان بعد طلوع الفجر فإنه يجب على الإنسان أن يمسك بمجرد سماع الأذان لأن النبي صلى الله عليه وسلم يقول: "**إِنَّ بِلَالًا يُؤَذِّنُ بِلَيْلٍ فَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُؤَذِّنَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ فَإِنَّهُ لَا يُؤَذِّنُ حَتَّى يَطْلُعَ الْفَجْرُ**"(البخاري) فإن كنت تعلم أن هذا المؤذن لا يؤذن إلا إذا طلع الفجر فأمسك بمجرد أذانه.)( دروس وفتاوى الحرم).

**واتە: بانگی بەیانی لەلایەن بانگ بێژەوە یان لە دوای گزنگەوە دەدرێت یان لە پێش گزنگەوە، جا ئەگەر لەدوای گزنگەوە بانگ درا ئەوا پێویستە لەسەر مرۆڤ كە دەست هەڵگرێت لە خواردن و خواردنەوە تەنها بە بیستنی ئەو بانگە چونكە پێغەمبەرمان دەفەرموێت:"كاتێك بیلال بانگ دەدات ئەوا دەست لە خواردن و خواردنەوە هەڵمەگرن تاكو ئەو كاتەی ئبن ئوم مەكتوم بانگ دەدات چونكە هەتاكو گزنگ دەرنەچێت بانگ نادات" بۆیە ئەگەر زانیت ئەو بانگ بێژە بانگ نادات تاكو گزنگ ئەوا بەبیستنی بانگ دەست لە خواردن و خواردنەوە هەڵبگرە.**

**٥- لەو هەڵانە: خۆنەگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوەی لە لایەن ئەو كەسەوە كە درەنگ دەزانێت ڕەمەزانە، ئیتر بە هەر هۆیەكەوە بێت لەو هۆكارانەی كە دەبنە ڕێگر لە زانینی هاتنی مانگی ڕەمەزان. ئەمەش هەڵەیەكە كەلەو كەسەوە ڕودەدات، بۆیە پێویستە لەسەر موسوڵمان هەر كاتێك لە ڕۆژدا زانی كە مانگی ڕەمەزانە دەبێت لەو كاتەوە بەڕۆژو بێت، بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی كە** (سَلَمَةَ بْنِ الأَكْوعِ) **لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) بۆی گێڕاوینەتەوە كە فەرمویەتی:** (أَنَّ النَّبِيّ صلى الله عليه وسلم بَعَثَ رَجُلاً يُنَادِي فِي النَّاسِ يَوْمَ عَاشُورَاءَ: أَنَّ مَنْ أَكَلَ فَلْيُتِمَّ أَوْ فَلْيَصُمْ، وَمَنْ لَمْ يَأْكُلْ فَلاَ يَأْكُلْ)( رواه البخاري، ومسلم).

واتە: پێغەمبەر لە ڕۆژی دەیەمی مانگی محرم دا كابرایەكی نارد كە جاڕ بدات بەناوخەڵكدا بڵێت: هەركەس نانی خواردوە ئەوا با بەڕۆژو بێت، وە هەركەسێكیش هێشتا هیچی نەخواردوە باهەر هیچ نەخوات"بە ڕۆژوبێت".

٦- لەو هەڵانە: نەزانینی گەورەیی مانگی ڕەمەزان لەلایەن هەندێك كەسەوە واتا هەروەكو مانگەكانی تری ساڵ پێشوازی دەكەن كەئەمەش هەڵەیە چونكە پیغەمبەرمان(ﷺ) فەرمویەتی: (إِذَا جَاءَ رَمَضَانَ فُتِّحَتْ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ، وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ النَّارِ، وَصُفِّدَتِ الشَّيَاطِينُ " وَفِي رِوَايَةٍ: " وَسُلْسِلَتِ الشَّيَاطِينُ)( رواه البخا ري، و مسلم).

واتە: هەركە مانگی ڕەمەزان هات ئەوا دەرگاكانی بەهەشت دەكرێتەوە، وە دەرگاكانی دۆزەخ دادەخرێن، وە شەیاتینیەكان كۆتوزنجیر دەكرێن.

٧- لەو هەڵانە: هەندێك كەس ئەوشەوەی كە دەزانێت بەیانی یەكەم ڕۆژی ڕەمەزانە ناچێت بۆ نوێژی تەراویح، ئەمەش هەڵەیە چونكە تەنها بەبینینی مانگی یەك شەوەی ڕەمەزان واتا پێمان ناوەتە یەكەم شەوی ڕەمەزان وە لە سوننەتی پێغەمبەرماندا(ﷺ) هاتووە كە نوێژی تەراویح لەگەڵ موسوڵمانان بە جەماعەت لە مزگەوتدا ئەنجام بدرێت.

٨- لەو هەڵانە: ئەو كردەوەیەیە كە هەندێك كەس دەبینن كەسێك نان دەخوات یان ئاودەخواتەوە و لەبیری چوە كە بەڕۆژووە ئەمانیش بیری ناخەنەوەو پێی ناڵێن كە بەڕۆژویت تاكو تەواوی دەكات یان خۆی بیری دەكەوێتەوە.(الشيخ ابن باز) دەفەرموێت: (من رأى مسلماً يشرب في نهار رمضان، أو يأكل، أو يتعاطى شيئاً من المفطرات الأخرى، وجب الإنكار عليه؛ لأن إظهار ذلك في نهار الصوم منكر ولو

كان صاحبه معذوراً في نفس الأمر، حتى لا يجترئ الناس على إظهار محارم الله من المفطرات في نهار الصيام بدعوى النسيان)( مجلة الدعوة:١١٨٦).

**واتە: هەركەس لە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزاندا موسوڵمانێكی بینی نان دەخوات یان ئاو دەخواتەوە یان هەر ڕۆژو شكێنێكی تر، پێویستە ڕێگری لێبكات، چونكە هەستان بەوكارانە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا خراپەیەو هەرچەندە ئەو كەسەی پێی هەڵدەستێت بیانوشی هەبێت لەو كارەدا، تاكە خەڵك غیرەتی ئەوەنەكەن كە ئەو ڕۆژو شكێنانەی كە خوای گەورە حەرامی كردون بە ئاشكرا ئەنجام بدەن بە بیانوی لە بیر چونەوە.**

**٩- لەو هەڵانە: هەندێك لە دایك و باوكان ڕێگری لە كچۆڵەكانیان دەكەن كە بەڕۆژوبن بە بیانوی ئەوەی كە هێشتا منداڵن، كە لەوانەیە ئەو كچە گەشتبێتە تەمەنی بالغ بون و واجب بێت لەسەری بەڕۆژو بێت، بەڵام شەرم بكات كە ئەوە بە كەسوكارەكەی بڵێت.**( الشیخ ابن جبرین) **دەفەرموێت:** (فإن الكثير من الإناث قد تحيض في العاشرة أو الحادية عشر من عمرها فيتساهل أهلها ويظنونها صغيرة فلا يلزمونها بالصيام وهذا خطأ فإن الفتاة إذا حاضت فقد بلغت مبلغ النساء وجرى عليها حكم التكليف)( فتاوى الصيام).

**واتە: هەندێك لە كچان لە تەمەنی (دە) یان (یازدە)ساڵیدا تێدەكەون بەڵام كەسوكارەكەی ئاسانكاری بۆدەكەن و وادەزانن هێشتا منداڵە بۆیە پابەندی ناكەن بە ڕۆژووەوە، ئەمەش هەڵەیە چونكە كچ كە تێكەوت ئیتر وەكو ئافرەتی گەورە وایەو حوكمی شەرعی لەسەرە.**

١٠-لەو هەڵانە: کەسانێك کەبە نەزانین نان بخۆن یان ئاوبخۆنەوە کاتی بەڕۆژوبونیان کە بیریان دەکەوێتەوە یان بیریان دەخرێتەوە گومانیان بۆ دروست دەبێت لە دروستێتی ڕۆژووە کەیان و وا دەزانن ڕۆژووەکەیان شکاوە. پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرمویەتی: (إِذَا نَسِيَ فَأَكَلَ وَشَرِبَ فَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ فَإِنَّمَا أَطْعَمَهُ اللهُ وَسَقَاهُ)( أخرجه البخاري).

واتە: هەرکەس بەڕۆژوو بوو وە بەنەزانین شتێکی خوار یان خواردەوە، ئەوا با ڕۆژووەکەی تەواو بکات چونکە ئەوە خوای گەورە ئەو خواردن و خوار دنەوەیەی پێداوە.

١١-لەو هەڵانە: هەندێك لە ئافرەتان خۆیان دەپارێزن لە بەکار هێنانی (خەنە) لە کاتی بەڕۆژو بونیاندا، (الشيخ ابن عثيمين)دەفەرموێت: (إن وضع الحناء أثناء الصيام لا يفطر ولا يؤثر على الصيام شيئاً) (نور على الدرب).

واتە: بەکار هێنانی خەنە لە کاتی بەڕۆژو بوندا ڕۆژو ناشکێنێت و هیچ کاری گەریەکی نییە بۆ سەر ڕۆژو.

١٢-هەندێك لە ئافرەتان خۆیان دەپارێزن لە تامکردنی خواردن کاتی ئامادەکردنی لە ترسی ئەوەی نەك ڕۆژووەکەی بشکێت، (الشيخ ابن جبرين) دەفەرموێت: (لا بأس بتذوق الطعام للحاجة بأن يجلعه على طرف لسانه ليعرف حلاوته وملوحته وضدها، ولكن لا يبتلع منه شيئاً بل يمجه أو يخرجه من فيه ولا يفسد بذلك صومه.)( فتاوى الصيام).

واتە: تامکردنی خواردن بۆ کاتی پێویستی لە کاتی بەڕۆژو بوندا کە بخرێتە سە زمان بۆ زانینی شرینی و سوێری ئەو خواردنە هیچی تێدانییە، بەڵام نابێت ئەو

خواردنە قوتبدرێت بەڵكو دەری دەهێنێتەوە لە دەمی یان تفی دەكاتەو بەمەش ڕۆژووەكەی ناشكێت.

١٣-لەو هەڵانە: بێ ئاگایی هەندێك كەس دەربارەی ئەو شتانەی كە ڕۆژو دەشكێنن یان بەتاڵی دەكەنەوە، بە تایبەتی لەسەرەتای مانگی ڕەمەزاندا تاكو دەكەونە ناوی، ئەمەش هەڵەیەكی گەورەیە چونكە پێویستە لەسەرەتای ڕەمەزانەوە ئەوشتانەی ڕۆژو دەشكێنن یان بەتاڵی دەكەنەوە بزانرێت تاكو خۆیان بپارێزن لە كەوتنە ناوی.

١٤-لەو هەڵانە: خۆپاراستنی هەندێك كەس لە بەركار هێنانی سیواك لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا چونكە لەوانەیە واگومان بەرێت بەكارهێنانی سیواك ڕۆژو دەشكێنێت، پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرمویەتی : (لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي ، لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ صَلاَةٍ) (متفق عليه).

واتە: ئەگەر لەسەر ئوممەتەكەمم گران نەكردایە ئەوا فەرمانم پێدەكردن كە سیواك بەكار بهێنن لە سەرتای هەموو نوێژێكدا.

لە واتای ئەم فەرمودەیەدا ئیمامی بوخاری فەرمویەتی: (ولم يخص النبي صلى الله عليه وسلم الصائم من غيره).

واتە: پێغەمبەرمان ڕۆژووەوانی بەتایبەتی جیانەكردۆتەوە لە جگە لە ڕۆژووەوان.

وە (الشيخ ابن عثيمين) فەرمویەتی: (ولا يفطر الصائم بالسواك بل هو له سنة ولغيره في كل وقت في أول النهار وآخره).

واتە: ڕۆژووەوان بە بەكار هێنانی سیواك ڕۆژووەكەی ناشكێت بەڵكو سوننەتە بەكاربهێنرێت بۆ ڕۆژووەوان و جگە لەویش لە سەرەتای ڕۆژدا یان لە كۆتاییدا.

١٥- لەو هەڵانە: هەندێك لە بانگبێژەكان بانگی مەغریب نادەن تاكو بەتەواوەتی دنیا تاریك نەكات، گوێ بە ئاوا بونی خۆر نادەن كە ئەوە كاتی بەربانگە، بە گومانی خۆیان وای دادەنێن كە ئەو كارەی باشترە بۆ تەواوێتی ڕۆژووەكە، كە ئەمەش پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرمانە(ﷺ)، چونكە لە سوننەتدا هاتووە دەبێت لەگەڵ دیار نەمانی خۆردا بانگ بگوترێت، پەندیش وەرناگیرێت بە جگە لەسوننەت.( شيخ الإسلام ابن تيمية) فەرمویەتی: (إِذَا غَابَ جَمِيعُ الْقُرْصِ أَفْطَرَ الصَّائِمُ ، وَلَا عِبْرَةَ بِالْحُمْرَةِ الشَّدِيدَةِ الْبَاقِيَةِ فِي الْأُفُقِ) (مجموع الفتاری:٢٥/٢١٥).

واتە: هەركاتێك خۆر بەتەواوەتی ئاوابوو وەدیارنەما ئەوا كاتی بەربانگ كردنەوەیە، وە حساب بۆ ئەو سورايیە تۆخە ناكرێت كە لە ئاسۆدا ماوە.

١٦- لەو هەڵانە: بێ ئاگایی هەندێك لە ڕۆژوەوانان بە دوعاكردن بۆ ئەو كەسەی كە بەربانگی پێدەكاتەوە، چونكە سوننەت وایە هەر ڕۆژوەوانێك لە ماڵی هەركەسێك بەربانگی كردەوە دەبێت دوعایان بۆ بكات، بەو دوعایانەی كە پێغەمبەرمان(ﷺ) كردونی كاتێك لە لای كەسێك بەربانگی بكردایەتەوە، وەك گوتنی: (أَفْطَرَ عِنْدَكُمُ الصَّائِمُونَ وَأَكَلَ طَعَامَكُمُ الأَبْرَارُ وَتَنَزَّلَتْ عَلَيْكُمُ الْمَلاَئِكَةُ)( صحيح الجامع الصغير)

واتە: "یا خوا"ڕۆژووەوانان لاتان بەربانگ بكەونەوەو چاكە كاران خواردنیتان بخۆن وە فریشتەكان دابەزنەسەرتان.

یان بلێت: (اللَّهُمَّ أطْعِمْ مَنْ أطْعَمَنِي، وَاسْقِ مَنْ سَقَانِي)( رواه مسلم)

واتە: خوایە ئەوەی نانی دامیچ نانی پێبدەیت و ئەوەی ئاوی دامێ ئاوی پێبدەیت.

یان بڵێت: (اللَّهُمَّ بَارِكْ لَهُمْ فِيمَا رَزَقْتَهُمْ وَاغْفِرْ لَهُمْ وَارْحَمْهُمْ)( رواه مسلم).

واتە: خوایە بەرەكەت بخەیتە ڕۆزیان و لییان خۆش بیت و ڕەحمیان پێبكەیت.

١٧- لەو هەڵانە: هەندێك كەس باوەڕیان وایە كە نابێت لە شەوانی ڕەمەزاندا بچێت بەلای خێزانیدا كە ئەوەش هەڵەیە چونكە ئەو كارە تەنها لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا حەرامە بەڵام لە شەوەكانیدا حەڵاڵە، خوای گەورە دەفەرموێت: (أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْۚ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّۗ ﴿١٨٧﴾ )( البقرة).

واتە: بۆتان حەڵاڵە لەشەوانی ڕەمەزاندا بچنە پاڵ خێزانی خۆتان ئەوان بەرگ و داپۆشەری ئێوەن ئێوەش بەرگ و داپۆشەری ئەوانن.

١٨- لەو هەڵانە: بەڕۆژو نەبونی هەندێك لە ئافرەتان كاتێك كە لە پێش بانگی بەیانی پاكدەبنەوە(لە سوڕی مانگانە) بەڵام لەبەر سەرقاڵی ناتوانن خۆیان بشۆن، بۆیە ڕۆژووە كەیان ناگرن بە بیانوی ئەوەی كە ڕۆژی لێ بۆتەوە نەیتوانیوە خۆی بشوات،( الشيخ ابن جبرين) دەفەرموێت: (إذا انقطع الدم منها وقت طلوع الفجر أو قبله بقليل صح صومها وأجزأ عن الفرض ولو لم تغتسل إلا بعد أن أصبح الصبح) (فتاوى الصيام).

واتە: هەركات ئافرەتی عوزردار خوێنی وەستایەوە كاتی بەرەبەیان یان تۆزێك پێش بەرەبەیان، ڕۆژو گرتنەكەی دروستە و جێگەی فەرزەكەی بۆ دەگرێتەوە هەرچەندە خۆشی نەشۆرێت تاكو ڕۆژ دەبێتەوە.

١٩-لەو هەڵانە: بیستنی دەنگی گریان بەدەنگێكی بەرز لە كاتی ئەنجام دانی نوێژی تەراویح دا، دیارە گریان لەكاتی خوێندنەوەی قورئاندا نیشانەی ئەوەیە

كە قوریان كاریگەری داناوە لەسەر ئەو نوێژخوێنە، كە ئەمەش كارێكی باشەو گومانی تێدانییە، بەڵام دەبینین كە هەندێك لە نوێژخوێنان بە دەنگێكی وا بەرزدەگرین كە دەبێتە هۆی سەرقاڵكردنی زۆرێك لە نوێژخوێنانی دەوروبەری یان بەهۆی ئەو جموجوڵەی كە لەگەڵ گریانەكایاندا دەیكەن، سەیریش لەوەدایە كە هەندێكیان تەنها لەكاتی بیستنی دوعای قنوت دەگرین نەك لە كاتی بیستنی قورئاندا، ئەو كەسانەش پێیان دەگوترێت: لەپێشتر ئەوەیە كە گریان لەكاتی بیستنی قورئاندا بێت.

٢٠-لەو هەڵانە: گومان بردنی هەندێك كەس بەوەی كە ڕۆژووەكەی بەتاڵ بۆتەو دەبێت قەزای بكاتەوە كاتێك كە هەڵدەستێت لەخەو سەیردەكات (لەشی گران بووە) كە ئەمەش هەڵەیە، وە ڕاست ئەوەی كە ئەو كەسە ڕۆژووە كەی دروستەو گرتنەوەی لەسەر نییە، چونكە پێغەمبەرمان(ﷺ) جاری واهەبووە لەشی گران بووە بەهۆی چونە پاڵ خێزانی و لە دوای بانگی بەیانی هەستاوە پاشان خۆی شۆردووە و بەڕۆژوش بووە. وە (سماحة الشيخ ابن باز) فەرمویەتی: (الاحتلام لا يبطل الصوم، لأنه ليس باختيار الصائم وعليه أن يغتسل غسل الجنابة إذا رأى الماء) (مجموع فتاوى ومقالات متنوعة).

واتە: لەشگرانبوون(شەیتانی بوون) ڕۆژو بەتاڵ ناكاتەوە چونكە ئەوكارە بە ویستی ڕۆژووەوانەكە نییە، تەنها خۆشۆردن "غوسڵ دەركردنـ"ـی لەسەرە ئەگەر ئاوی بینی.

٢١-لەو هەڵانە: بەكار هێنانی بۆنی خۆش لە لایەن هەندێك لە ئافرەتانەوە كاتێك دەچن بۆ نوێژی تەراویح یان خۆدانەپۆشین بەتەواوی یان دەنگ بەرز كردنەوە

لەناو مزگەوتەكاندا، كە ئەو كارانە خۆیان حەرامكراون لەسەر ئافرەتان چجای لەو كاتە موبارەكەو لە شوێنە موبارەكەدا؟ بۆیە پێویستە لەسەر ئاقرەتان كە زۆر سوربن لە دوركەوتنەوە لەو كارانە بۆ خۆ پاراستن لەو گوناهانەی كەدێتە ئەستۆیان بەهۆی ئەو كردەوانەوە.

٢٢-لەو هەڵانە: دوا خستنی نوێژی نیوەڕۆو نوێژی عەسر لە لایەن هەندێك لە ڕۆژوەوانانەوە بە بۆنەی زاڵبونی خەو بەسەریاندا لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا، كە ئەمەش یەكێكە لە هەڵە گەورەكان، خوای گەورە دەفەرموێت: (فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ ٤ ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ ٥)( الماعون).

واتە: دۆزەخ بۆ ئەو نوێژخۆێنانەی كە بە خاوخلیچكی هەڵدەست بۆ نوێژەكانیان و دوای دەخەن لە كاتی خۆی.

لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا هەندێك لە زانایان فەرمویان: (هم الذين يؤخرونها عن وقتها).

واتە: ئەوتنەن كە لە كاتی خۆیدا نوێژەكانیان دوادەخەن.

وە لەكتێبی صەحیحدا هاتووە كە (ابن مسعود) پرسیاری كردووە لە پێغەمبەر(ﷺ) (أي الصلاة خير) پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمویەتی: (الصلاة على وقتها)یان(في وقتها) وەلە گێڕانەوەیەكی تردا هاتووە(على أول وقتها).

واتە: كام نوێژكردنە باشە؟ پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمویەتی: ئەو نوێژەی كە لەسەرەتای كاتەكەیدا ئەنجام دەدرێت.

٢٣- لەو هەڵانە: دواخستنی بەربانگ چونكە لە سوننەتدا هاتووە كە دەبێت هەر كە خۆر ئاوابوو دەست بەجێ بەربانگ بكرێتەوە، بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی كە

(سهل بن سعد الساعدي) بۆی گێڕاوینەتەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) كە فەرمویەتی:
(لاَ يَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الفِطْرَ)( متفق عليه).

واتە: بەبەردەوامی خەڵك لە باشەدان تا ئەو كاتەی كە لە گەڵ كاتی خۆر ئاوابوندا بە زووی بەربانگ دەكەنەوە.

هەروەها لە (أنس)یشەوە بۆمان گێڕدراوەتەوە كە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی:
(بَكِّرُوا بالإفْطارِ وأخِّرُوا السُّحُورَ)( صحيح الجامع الصغير).

واتە: بەربانگ زوبكەنەوەو پارشێو دوا بخەن.

٢٤-لەو هەڵانە: هەندێك لە ڕۆژووەوانان ڕۆژووەكەیان ناشكێنن تاكو بانگبێژ لە گوتنی بانگ نەبێتەوە بۆ دڵنیابونەوە لە كاتی بەر بانگ كردن كەئەمەش هەڵەیە، بۆیە پێویستە كە ڕۆژوەوان هەرگوێی لە بانگی مەغریب بوو دەست بەجێ بەربانگ بكاتەوە، هەر كەسێكیش بوەستێت تاكو تەواو بونی بانگ ئەوا زیادەڕەوی كردووەو خۆی پەیوەست كردووە بە كارێكەوە كە لێی داوانەكراوە، چونكە لە سوننەتدا هاتووە كە دەبێت پارشێو درەنگ بخرێت و بەربانگ دوای هاتنی كاتەكەی خێراو دەست بەجی بكرێت.

٢٥-لەو هەڵانە: بیرچونی دوعاكردن لە لایەن هەندێك لە ڕۆژووە وانانەوە چونكە سونەت وایە كە دوعا بكرێت لەكاتی بەربانگ كردنەوەدا چونكە ئەو دوعایە سودێكی زۆری هەیەو ڕۆژووەوان یەكێكە لەوانەی كە دوعای ناگێڕدرێتەوە قبوڵ دەكرێت. لە (انس بن مالك) بۆمان گێڕدراوەتەوە كە پێغەمبەمان(ﷺ) فەرمویەتی: (ثَلاَثُ دَعَوَاتٍ لاَ تُرَدُّ: دَعْوَةُ الْوَالِدِ ، وَدَعْوَةُ الصَّائِمِ وَدَعْوَةُ الْمُسَافِرِ)( رواه أحمد وصححه الألباني).

واتە: سێ دوعا لای خوای گەورە ڕەت ناكرێنەوە: دوعای باوك بۆ منداڵەكانی، دوعای ڕۆژووەوان و دوعای گەشتیار.

وە لەو دوعایانەی كە بە صەحیحی بۆمان گێڕدراوەتەوە ئەوەیە كە بگوترێت: (ذَهَبَ الظَّمَأُ وَابْتَلَّتِ الْعُرُوقُ وَثَبَتَ الأَجْرُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ) (صحيح أبي داود).

واتە: تینوێتیمان ڕۆشت و دەمارەكانمان پاراو بون و ئیشەڵا پاداشتەكەشمان بۆ جێگیر بووە.

٢٦- لەو هەڵانە:خۆ سەرقاڵ كردنی هەندێك كەس لە (١٠) شەوەكەی كۆتایی ڕەمەزاندا بە كڕینیی جلوبەرگ و شیرینی و لەدەستدانی ئەو كاتە پڕخێرە كە شەوی قەدری تێدەكەوێت، ئەو شەوی قەدرەی كە خوای گەورە دەرباری دەفەرموێت: ( لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ﴿٣﴾ )( القدر).

واتە: شەوی قەرد خێرترو باشترە لە هەزار مانگ.

وە ئەو سەرقاڵی یە ڕێی شەو نوێژ یان لێدەگرێت و كاتێكی زۆر لە دەست دەدەن لە نا بازاڕەكاندا بۆ پیاسەو شت كڕین، ئەم كارەش جێگەی داخە كە زۆرێك لە موسوڵمانان تێی دەكەون، چونكە پێویستە لەسەرمان كە شوێن سونەت و ڕێبازی پێغەمبەركەمان(ﷺ) بكەوین كە لە (١٠)شەوەكەی كۆتایی ڕەمەزاندا چاكی مەردایەتی دەكرد بەلاداو نزیكی خێزانەكانی نەدەكەوت و خانەوادەكەی خەبەردەكردەوە بۆ خوا پەرستی و شەوەكانی هەموو زیندو دوكردەوە، ئەمە بووە خورەوشتی پێغەمبەركەمان(ﷺ) و هاوەڵەكانی.

٢٧- لەو هەڵانە: زۆر لەخۆ كردنی هەندێك لەو كەسانەی كە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە و بەڕۆژو بونیان بە نارەحەتیەكی زۆر كە ئەمەش هەڵەیە چونكە خوای گەورە نارەحەتی لابردووە لەسەر خەڵك، بۆ نەخۆش و ئەوانەی بیانوی شەرعیان هەیە ڕێگە دراوە كە بەڕۆژو نەبن و دواتر قەزای بكەنەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:(فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۗ ﴿١٨٥﴾ )( البقرة).

واتە: هەركەس لە ئێوە ئەو مانگەی بینی با بەڕۆژو بێت، وە هەركەس لە ئێوە نەخۆش بوو یان لە سەفەردابوو بابە ڕۆژو نەبێت و كاتێكی تر ڕۆژووەكەی بگر

٢٨- سەرقاڵ بونی هەندێك لە رۆژوەوانان بە بەربانگ كردنەوەو وەڵام نەدانەوەی بانگبێژ كاتی بانگی مەغریب، چونكە سوننەت وایە هەركەس گوێی لە بانگ بوو دوا بەدوای بانگبیژ بیلێتەوە، لە (أبو سعيد الخدري) بۆمان گێردراوەتەوە كە پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرمویەتی: (إذا سَمِعْتُمُ النِّداءَ فقُولُوا مِثْلَ ما يَقُولُ المؤَذِّنُ)( متفق عليه).

واتە: هەركات گوێتان لە بانگ بێژ بوو بانگردا ئەوا ئێچوەش لە دوایەوە وەكو ئەو بیلێینەوە.

وە دەكرێت كە وەڵام دانەوەی بانگ لە گەڵ بەربانگ كردنەكەیدا بێت چونكە هیچ ڕێگریەك نەكراوە لە خواردن كاتی وەڵام دانەوەی بانگ، خوا زاناترینە.

٢٩-لەو هەڵانە: ڕانەهێنانی مندالان بۆ ڕۆژو گرتن بە بیانوی ئەوەی كە تەمەنیان بچوكە، چونكە باش وایە كە هەر لە مندالیەوە مەشقیان پێبكرێت و ڕابهێنرێن

لەسەر بەڕۆژو بون پێش تەمەنی باڵغ بونیان، بەتایبەتی ئەگەر لەشیان ساغ بێت و توانای ڕۆژو گرتنیان هەبێت، چونکە (الرُّبَيِّعِ بِنْتِ مُعَوِّذٍ) دەفەرموێت: (وَنُصَوِّمُ صِبْيَانَنَا وَنَجْعَلُ لَهُمُ اللُّعْبَةَ مِنَ الْعِهْنِ، فَإِذَا بَكَى أَحَدُهُمْ عَلَى الطَّعَامِ أَعْطَيْنَاهُ ذَاكَ حَتَّى يَكُونَ عِنْدَ الإِفْطَارِ)( متفق عليه).

واتە: ڕۆژومان بەمنداڵەکانمان دەگرت وە لە لۆکە لەعابەمان بۆ دروست دەکردن هەرکاتێك لە برسا بگریایە بۆ سەرقاڵکردنیان ئەو یاریەمان پێدەدان تاکو بەربانگ بەم شێوەیە دەمان خلەفاند.

٣٠- لەو هەڵانە: ڕەخنەگرتن لەو کەسانەی کە لەسەفەردان و بەڕۆژو نابن، کەئەمەش هەڵەیە، چونکە ئەوکەسەی کە لەسەفەردایە بۆی هەیە بەڕۆژو نەبێت، ئەویش بە گوێرەی باری ئەوکەسە، کە لەسێ شێواز تێناپەڕێت:

أ) ئەگەر ڕۆژوگرتن لەسەری گران نەبێت و توانای هەبێت، ڕۆژووەکەی بگرێت باشترە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: (وَأَن تَصُومُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿١٨٤﴾)( البقرة).

واتە: ڕۆژووە کە بگرن بۆتان باشترە ئەگەر دەزانن.

ب) ئەگەر ڕۆژوگرتن بووە هۆی ناڕەحەت کردنی و نەیشی دەویست ئەو ڕێگاپێدانەی خوای گەورە وەرگرێت، ئەوا باشتر وایە بەڕۆژو نەبێت چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۚ ﴿٢٨٦﴾)( البقرة).

واتە: خوای گەورە داوای لە توانا بەدەر لەکەس ناکات.

وە پێغەمبەرمان(ﷺ) دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى رُخَصُهُ كَمَا يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى عَزَائِمُهُ)( الطبراني في الكبير رواه ابن حبان قال شعيب الأرنؤوط : إسناده صحيح).

واتە: خوای گەورە چۆن پێی خۆشە فەرمانە كانی جیچ بەجێ بكرێت بەهەمان شێوە پێی خۆشە ئاسانكاریەكانیشی وەربگیرێت.

وە هەروەها دەفەرموێت: (لَيْسَ مِنَ الْبِرِّ الصِّيَامُ فِي السَّفَرِ)( رواه البخاري، ومسلم من حديث جابر رضي الله عنه).

واتە: لە چاكە كاری نییە بەڕۆژو بون لە سەفەردا.

ج) ئەگەر ئەو كەسەی كە لەسەفەردایە هیچ نارەحەتیەكی لە ڕێدا نەبوو ئەوە خۆی سەرپشك دەبێت بەڕۆژو دبێت یان نا؟ چونكە فەرمودەیەكمان لە (حَمْزَةَ بْنَ عَمْرٍو الأَسْلَمِيَّ) بۆ گێڕداوەتەوە كە پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) كردووە: (أَأَصُومُ فِي السَّفَرِ؟ - وَكَانَ كَثِيرَ الصِّيَامِ -) پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمویەتی: (إِنْ شِئْتَ فَصُمْ وَإِنْ شِئْتَ فَأَفْطِرْ)( رواه البخاري).

واتە: لە سەفەردا ڕۆژو بگرم؟ پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمویەتی: ئەگەر ویستت ڕۆژو بگرە وەئەگەر نەتویست مەیگرە.

وەهیچ كام لە هاوەڵەكانی پێغەمبەر(ﷺ) سەرزەنشتی ئەوی تریانی نەكردووە لەو حاڵەتەدا بەڕۆژو بوبن یان بەڕۆژو نەبوبن، لە(أنس بن مالك) بۆمان گێڕدراوتەوە كە فەرمویەتی: (سَافَرْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ? فِي رَمَضَانَ، فَلَمْ يَعِبِ الصَّائِمُ عَلَى الْمُفْطِرِ، وَلاَ الْمُفْطِرُ عَلَى الصَّائِمِ)( متفق عليه).

واتە: لەگەڵ پێغەمبەردا سەفەرمان دەکر لە مانگی ڕەمەزاندا نە ئەووانەی کە بەڕۆژو بوون سەرزەنشتی ئەوانەیان دەکر کەبە ڕۆژو نەبون وەنە ئەوانەش کە بە ڕۆژو نەبوون سەرزەنشتی ئەوانەیان دەکرد کەبە ڕۆژو بون.

٣١- لەو هەڵانە: زوو هەڵچون و دەمەقاڵە و جوێن دان لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا، چونکە پێویستە لەسەر ڕۆژووەوان کە خۆی برازێنێتەوە بەو فەرمودەیەی پێغەمبەرمان(ﷺ) کە دەفەرموێت: (الصوم جنة فإذا كان يوم صوم أحدكم فلا يرفث ولا يصخب، فإن سابه أحد أو شاتمه فليقل: اني صائم)( رواه البخاري، ومسلم).

واتە: ڕۆژو پاێزەرە هەر ڕۆژێك یەکێکتان بە ڕۆژو بوو با ئەو ڕۆژە جوێن و هەراوهۆریا نەکات، ئەگەر کەسێکیش جوێنی پێدا یان قسەی پێگوت، با ئەم بڵێت: من بە ڕۆژوم.

وە ڕۆژوگرتن تەنها خۆ گرتنەوە نییە لە نان و ئاو بەڵکو ڕۆژو خۆگرتنەوەشە لە هەمو تاوان و سەرپێچییەکان وە گرتنەوەی زمانە لە هەموو بەد گۆیی و ئەنجام نەدانی خوڕەوشتێکی ناشرین.

٣٢- لەو هەڵانە: بەفیڕۆدانی کات لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا بە تەماشاکردنی پێشبڕکێی لە کەناڵەکان کە گۆرانی و موسیقای لەگەڵدایەو تەماشاکردنی زنجیرە درامای سەرقاڵکەر. کە ئەمانەش بەبێ گومان ئیمان لاوازدوکەن، وە ڕۆژوەوان پاداشتێکی زۆری لەدەست دەچێت کە پێەیستە بیان قۆزێتەوە لەو مانگە پیرۆزەدا، ئایا چۆن دەبێت موسوڵمان شتی بەنرخ بگۆڕێتەوەبە شتی بێنرخ؟

بۆیە پێویستە لەسەر موسولمان کە هەوڵ بدات هەموو کارەکانی بە گوێڕایەڵی خوای گەورە بەسەربەرێت وەکو خوێندنەوەی قورئان و زیکرو پاڕانەوەو

خوێندنەوەی كتێبی بە سود و مانەوە لەمزگەوتدا وە ئامادە بون لە كۆڕی زانیاریدا تاكو بتوانێت پاداشتی زۆر بەدەست بهێنێت لەو مانگە مەزنەدا.

٣٣- لەو هەڵانە: بەخێرایی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بەبێ تێگەیشتن و بیر لێكردنەوەی، بە مەبەستی ئەوەی كە بتوانێت لەو مانگەدا خەتمی قورئان بكات، كە بەگومانی خۆی كارێكی باش دەكات كە ئەوە هەڵەیەكی گورەیە چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴿٤﴾ ) (المزمل).

واتە: وە قورئان بخوێنەرەوە بەخێندنەوەیەكی لەسەرخۆ.

٣٤- لەو هەڵانە: لە دەستدانی سونەتی مانەوە لەمزگەوتدا" الاعتكاف " لەگەڵ ئەوشدا كە توانای هەیە كە ئەنجامی بدات، چونكە زۆربەیان مۆڵەت وەردەگرن و ناچن بۆ سەر كارو فرمانەكەیان لە (١٠)ڕۆژی كۆتایی مانگی ڕەمەزاندا، كەچی ئەو سوننەتە گەورەیە زیندوناكەنەوە.

٣٥- لەو هەڵانە: خۆ پاراستن لە لێكردنەوەی (مو) لە لەش لە لایەن هەندێك ڕۆژووەوانەوە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا كە وا دەزانن سەرتاشین و بەر سمێڵ كرن و مو لێكردنەوە بەگشتی زیانی هەیە بۆ ڕۆژووەكەیان.

٣٦- خۆپاراستن لە قوت دانەوەی(تف) لەلایەن هەندێك لە ڕۆژووەوانانەوە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا كە وا دەزانن قوتدانی تف ڕۆژو دەشكێنێت كە لە ڕاستیدا وانییە، ئەو تف قوت نەدانەش دەبێتە هۆی زۆر تفكردنەوە كە بەم كارەش كەسانی چوار دەوری ئەزێت دەدات. كە ڕاست وایە قوتدانی تف هیچ زیانێكی نیە بۆ ڕۆژو هەرچەندە زۆریش بێت: بەڵام (بەڵغەم) نابێت قوت بدرێتەوە بەڵام بەشێوەیەك فڕەدەدرێت كە كەسانی چوار دوری هەراسان نەكات.

٣٧- لەو هەڵانە: زیادەڕەوی كردن لە ئاوڕادان لەدەم و لوت، لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا بە بیانوی خۆ فێنك كردنەوە، پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرمویەتی: (أَسْبِغِ الْوُضُوءَ وَخَلِّلْ بَيْنَ الأَصَابِعِ ، وَبَالِغْ فِي الِاسْتِنْشَاقِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ صَائِمًا).

واتە: جوان دەست نوێژ بگرە و دەست بخەرە نێوان پەنجەكانت، زیادەڕەوی بكە لە ئاو ڕادان لە لوتت مەگەر بەڕۆژوبیت زیادەڕەوی تێدا مەكە.

وە (الشيخ ابن العثمين) فەرمویەتی: (وهذا دليل على أن الصائم لا يبالغ في الاستنشاق، وكذلك لا يبالغ في المضمضة؛ لأن ذلك قد يؤدي إلى نزول الماء إلى جوفه فيفسد به صومه) (فقه العبادات).

واتە: ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە كە ڕۆژووەوان نابێت زیادەڕەوی بكات لە ئاو ڕادان لە دەمو لوتی، چونكە لەوانەیە ئاو بچێتە ناو گەدەیەی و ڕۆژووەكەی بشكێنێت.

٣٨- لەو هەڵانە: خۆ گرتنەوەی هەندێك لەو كەسانەی كە نەخۆشی (ڕەبو)یان هەیە لە بەكارهێنانی ئەو (پەمپ)ـە تایبەتەی كە بۆ تەنگە نەفەسیەكەیان بەكاری دەهێنن. (الشيخ ابن عثيمين رحمه الله) فەروویەتی: (استعمال هذا البخاخ جائز للصائم سواء كان صيامه في رمضان أم في غير رمضان، وذلك لأن هذا البخاخ لا يصل إلى المعدة، وإنما يصل إلى القصبات الهوائية فتنفتح لما فيه من خاصية ويتنفس الإنسان تنفساً عادياً بعد ذلك. فليس هو بمعنى الأكل والشرب)( كتاب الدعوة).

واتە: بەكار هێنانی ئەو پەمپە تایبەتیە بۆ نەخۆشی ڕەبووە دروستە بۆ ڕۆژوەوان لە ڕەمەزان و جگە لە ڕەمەزانیش، چونكە ئەو پەمپە ناچێتە ناو گەدە تەنها دەچێتە ناو بۆریەكانی هەوا و واڵایان دەكات بەو تایبەتمەندیەی كە هەیەتی، ئیتر

مرۆڤ هەناسەی ئاسایی دەبێتەوە لە دوای بەكار هێنانی، چونكە ئەو چارە سەرە بەواتای خوارن و خوارنەوە نیە.

٣٩- لەو هەڵانە: خۆ پاراستنی هەندێك لە ڕۆژوەوانان لە بەكار هێنانی : قەترەی چاو یان قەترەی گوێ یان چاو ڕشتن. كە لە ڕاستیدا ئەوانەی سەرەوە هیچی ڕۆژو ناشكێنن لەسەر ڕاسترین گوتەی زانایان، تەنها قەترە كردنە لوت ڕۆژو دەشكێنێت چونكە ئەو قەترەیە لە لوتەوە دەچێتە ناو گەدە.

بەم شێوەیە هەوڵماندا كەمێك لەو هەڵانە بخەینە ڕوو كە هەندێك ڕۆژووەوانان تێی دەكەون داواكارین لە خوای گەورە كردەوە باشەكانمان لێوەرگرێت وە نوێژو ڕۆژومان لێوەرگرێت و بەرەكەت بخاتە كارەكانمانەوە، وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم . إعداد دار القاسم.

